## لەم هەفتەیەدا

٣-٧/٦ یارییەکانی تۆپی پێی خولی دووەمی قۆناغی دووەم (هاتن) لە پاڵاوتنی جامی نەتەوەکانی ئەفەریقیا لەیاریگا جیاجیاکانی ئەفەریقیا بەڕێوە دەچێت.

٧/٣ یارییەکانی تۆپی پێی پاڵەوانیەتی جامی وڵاتانی بەڵتیق بەڕێوە دەچێت.

٤-٧/٦ پاڵەوانیەتی پادداشتی گەورەی فەڕەنسی لە پێشبرکێی ئۆتۆمبیلی فۆرمولایەک لە ماجنی - کۆرنەر لە فەڕەنسا ئەنجام دەدرێت.

٧/٦ یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی تێنسی سەر زەوی ویمبلدۆن بۆ پیاوان و ئافرەتان لە ئینگلتەرا بەڕێوە دەچێت.

٧/٦ یارییەکانی پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەب لە تۆپی پێ لە میسر ئەنجام دەدرێت، بۆ یەکەمین جار تیپێکی عێراقی (یانەی شورتە) لە دوای جەنگی رزگارکردنی عێراق لە پاڵەوانیەتیەکی تۆپی پێ بەشداری دەکات.

٧/٧ یارییەکانی پاڵەوانیەتی پورتۆی پورتوگالی و پالێرمۆی ئیتاڵی لەیاری تێنسی سەر زەوی ئافرەتان دەست پێدەکات.



## نامەیەکی کراوە بۆ دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر





لەم رۆژانەدا لە نێوەندە وەرزشییەکان و لە نێو هاندەران و وەرزش دۆستانی یانەی هەولێر زۆر بە چڕوپڕی باس لە گەڕانەوەی یاریزانان عیماد ئەسعەدو موخلیس ئەحمەد هەروەها زیاتر باس لە دوور خستنەوەی هەردوو یاریزان دیدار حامیدی گۆڵچی و مۆفەق یونس لە ریزی یانەی هەولێر دەکرێت. ئەم قسەو باسەی دوایش نیشانەی پرسیاری لەلایەن هاندەران و خۆشەویستانی یانەی هەولێر دروست کردووە!

گومانی تێدا نییە ئەمڕۆکە یاریزانان دیدار حامیدو مۆفەق یونس تەنها دوو یاریزانی سادەنین بەڵکو دوو ئەستێرەی ناوداری تۆپی پێی شاری هەولێرن بەتایبەتیش دیدار حامید کە لەپێشوودا بۆ ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بانگهێش کراوەو ئێستاش لەم رۆژانەدا لەگەڵ یاریزان رافید بەدرەدین بۆ ریزی یەکەمی هەڵبژاردەی عێراق داواکراون، مۆفەق یونسیش چەندین گۆڵی جوانی بۆ یانەی هەولێر تۆمار کردووەو تا ئەمڕۆش گۆڵە جوانە مێژوویەکەی کە لە کەش و هەوایەکی باراناوی لەشاری کەرکوک بۆ یانەی هەولێری ،تۆمار کرد بە زیندوویی لەیادی وەرزش دۆستاندا ماوەتەوە.

ئەو هەڵەیەی کەئەم دوو یاریزانە هەروەکو باسی لێوە دەکرێت کردوویانە ئەوەیە هەردووکیان بەبێ هیچ رەزامەندییەک یانەی هەولێریان جێ هێشتووەو روویان لەیانەی بروسک کردووە، گەر ئەم دوو یاریزانەش هەڵەیان کردبێت ئاساییە وەکو هەموو مرۆڤێکی دیکە چونکە ئەوانیش دووچاری هەڵە دەبن و هەڵە دەکەن، شتێکی بەڵگەنەویستیشە وشەی وەرزش پانتاییەکی فراوان بە خۆیەوە دەگرێت و گەلێک مانای گەورەی وەکو خۆشەویستی و هاوکاری و لێبوردەیی و دڵفراوانی... تد دەبەخشێت، ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێریش بە ئەزموونداری لێ بوردەو دڵفراوان دادەنرێن، جێگای بەختەوەریشە بەهیچ جۆرێک درێغیان بۆ یاریزانانی یانە نەکردووە، ئەم بارە نالەبارە ئابووریەی ئەمڕۆش هەموو لایەنەکانی ژیانی بە وەرزشیشەوە گرتۆتەوەو حاڵەتێکەو بە کۆتا دێت. ئێمەش لەم مینبەرەو بە تەواوی لەگەڵ جێبەجێ کردن و پەیڕەوکردنی بڕیارەکانی یانەی هەولێر داین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کاری لێبوردەیی و سنگ فراوانی و تەبایی و برایانەش داین، گەر ئەم دوو یاریزانەش دوور خرابێتنەوە ئەوە داواکارین دەستەی کارگێری یانەی هەولێر چاو بە بڕیارەکەیان بخشێننەوەو دەرفەتێکی دیکەش بۆ ئەم دوو یاریزانە لاوە بڕەخسێنن، هەفتەنامەکەشمان چاوەڕوانە داواکارییەکی جێبەجێ بکرێت.

**عیماد قادر**

## ئەلبومی دوا لاپەڕە

### ئەمیلی مۆریسمۆ (فەڕەنسا)



* **ناوی تەواوی:** ئەمیلی مۆریسمۆ
* **رەگەزنامە:** فەڕەنسی
* **جۆری یاری:** تێنسی سەر زەوی ئافرەتان
* **رۆژو شوێنی لەدایک بوونی:** ١٩٧٩/٧/٥- سانت جێرمان - ئان لای فەڕەنسا.
* **کێش و درێژی باڵا:** ٦٩کگم - ٧٥ر١م.
* **ساتی یاری کردنی لە پاڵەوانیەتیە پیشەگەرییەکان:** ساڵی ١٩٩٤.
* **ریزبەندی جیهانی ئێستای:** پلەی شەشەم.
* **ژمارەی نازناوەکانی:** (٩) نازناو (براتیسلاڤا ١٩٩٩- سیدنی ٢٠٠٠ - پاریس - نیس- ئەمیلیا ئایسلاند- بەرلین ٢٠٠١ - دوبەی- مۆنتریال - ٢٠٠٢ - فارسۆفیا ٢٠٠٣).
* **گرنگترین دەستکەوتە وەرزشییەکانی:**

- پاڵەوانی رۆلان گارۆسی لاوان ١٩٩٦.
- یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی ئوستورالیای کراوەی ١٩٩٩.
- پێش کۆتایی پاڵەوانیەتی کراوەی ئەمەریکاو هەروەها پاڵەوانییەتی ویمبلدۆنی ساڵی ٢٠٠٢.
- چواریەکی کۆتایی پاڵەوانیەتیەکانی ئەمریکای کراوەی ٢٠٠١و ئوسترالیای کراوەی ٢٠٠٢و رۆلان گارۆسی ٢٠٠٣.

**گرنگترین بردنەوەکانی:**

- لە هەردوو خوشک (سیرینیاو ڤینۆس ویلیامز)ی بۆ یەکەم جار بردۆتەوە (لە ٢٠٠٣/٥/٤ لەیاری کۆتایی پاڵەوانیەتی فارسۆفیا لە ڤینۆسی بردەوەو لە ٢٠٠٣/٥/١٧ لە قۆناغی نیوەی کۆتایی پاڵەوانیەتی رۆما لە سیرینیای بردۆتەوە).

## پاڵەوانیەتی تۆپی پێی کیشوەرەکان و چەند سەرنجێک



رۆژی یەک شەممەی رابردوو لە فەڕەنسا یارییەکانی پاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان بەکۆتا هات پاش ئەوەی لەیاری کۆتایی فەڕەنسا توانی بە گۆڵێکی زێڕین لە هەڵبژاردەی کامیرۆن بباتەوە، بەڵام ئەو دۆڕاندنە سەر بەرزە بۆ وڵاتێکی هەژاری وەکو کامیرۆن کە بتوانێ ململانێ لەگەڵ پاسەوانانی جامی جیهانی و خاوەنی سێ نازناوی یەک لەدوای یەکی جامی جیهانی و ئەوروپاو کیشوەرەکانی پێشوو بکات، بۆیە دەڵێین تۆپی پێ و وەرزش گەورەو بچووکی تێدا نییە و لەو پاڵەوانیەتیە سێ رووداوی زۆر بەرچاو روویاندا یەکەمیان مردنی یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن و یانەی مانشستەر سیتی ئێستاو یانەی لیۆنی فەڕەنسی پێشوو (مارک ڤیڤیان فویە) لەناو یاریگای لیۆن لە یاریان لەگەڵ کۆلۆمبیا لەبەر چاوی بینەران و شاشەی میدیاکانی جیهاندا بوو ئەوەی جێگای سەرنج بوو یەکەم یاری لەژیانی پیشەگەریدا لەهەمان یاریگا دەست پێکرد لەژێر دەستی راهێنەری فەڕەنسی ئێستا (جاک سانتینی)و لەهەمان یاریگا دوا یاری کردوو گیانی لەدەست داو بووە قوربانی جامی کیشوەرەکان لەوەش سەیر تر راهێنەری کامیرۆن دەڵێ: لە پشوودانی کایەی یەکەم فویا گوتویەتی ئەگەر یەکێکیشیان ببێتە قوربانی دەبێ بگەینە یاری کۆتایی. یەکێتی تۆپی پێی جیهانی بڕیاریدا جامی حەفتەم کە بڕیارە لەساڵی ٢٠٠٥ لە ئەڵمانیا بەڕێوە بچێ بە پاڵەوانیەتی فویا ناوزەد بکات هەروەها یانەی مانشستەر سیتی بڕیاریدا کە ژمارەی ٢٣ لە تیپەکەی نەهێڵێ پاش فویا وەک رێز لێنانێک چونکە فویا ژمارەی ٢٣ی لە خولی ئینگلیزستان دەپۆشی. دووەم رووداو لەو پاڵەوانیەتییە دەرچوونی هەڵبژاردەی بەڕازیل لە قۆناغی یەکەمی یارییەکان بوو پاش ئەوەی لە ئەمریکای بردەوەو لەگەڵ کامیرۆن دۆڕاندی و لەگەڵ تورکیا بەرامبەر بوو سێیەم رووداو هەڵبژاردنی ناوبژیوانە لاوەکان بوو بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکان کە تەمەنیان لە ٣٠ی ساڵیدا بوو.

**سەرتیپ فاریق**

**بەڕێوەبەری نووسین**

## سیمان بۆ مانشستەر



دێڤید سیمان گۆڵچی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی ئارسنال بۆ وەرزی تۆپی پێی ساڵی داهاتوو بۆ یانەی مانشستەر سیتی لەژێر دەستی راهێنەر کیڤن کیگان و لەگەڵ یاریزانان ئەنێلکای فەڕەنسی و لەشوێنی گۆڵچی پێشووی یانەکە (پیتەر شمایکل) بۆ تەنها وەرزێک یاری دەکات. سیمان لە (١٩)ی ئەیلولی داهاتوو تەمەنی دەبێتە (٤٠)ساڵ و ئاواتە خوازیشە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دوا وێستگەی ژیانی وەرزشی بێت. شایەنی وتنە یاریزانی بایرەن میونخی ئەڵمانی (مایکل تامات)یش بەهەمان شێوە بۆ وەرزی داهاتوو بۆ مانشستەر سیتی یاری دەکات

**سۆزان محەمەد**

## فلاش



خوێنەری بەڕێز بەهەڵە دامەچوو ئەم وێنەیەی دەیبینیت یاریگایەکی وڵاتی هیندستان نییە کە بەژمارەی زۆری چێڵ لەجیهان و سەربەستی سووڕانەوەی لە هەموو شوێنێک بەناوبانگە!! بەڵکو ئەمەیان یاریگای یانەی بەردەڕەشە ئەم وێنەیەش لەساتی ئەنجامدانی یاری دۆستانەی هەردوو تیپی شانەدەرو بەردەڕەش لەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٣/٦/١٣دا گیراوە.

## !!

ئەو تۆپەی یاریزانی یاری بیسبۆل (جای کوک ریی) یانەی (دایتۆنا)ی ئەمەریکی لە یاریەکدا هاویشتی بەقەزاو قەدەر بەسەری باڵندەیەک کەوت کە هێلانەی لە یەکێک لە پەیژەکانی نزیک یاریگایەک دروست کردبوو، بە هۆیەوە باڵندەکەی نێو هێلانەکە گیانی لەدەستدا!! کۆمەڵەی هاورێیەتی کردنی گیانداران بەم رووداوەیان زانی و داوایەکیان لە دژی یاریزان (جای کوک) بۆ ئەم تاوانە پێشکەش دادگا کرد کە ئەگەری بەندکردنی یاریزانی ناوبژیوانیشی تیادا بەدی دەکرێت... ئەمەیە نەگبەتی!!!

**سوارە جەلال**

## تایم



رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە چەند شوێنێکی گشتی بەلافیتەی گەورەو بەخەتێکی جوان (هەروەکو لەم وێنەیەدا دیارە) پڕوپاگەندە بۆ سازکردنی یارییەکی دۆستانە لە ئێوارەی هەمان رۆژ لە نێوان هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی هەولێر کرابوو، هاندەرانی دڵسۆزی یانەی هەولێر بە ئومێدی سەیر کردنی ئەم یارییە روویان لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری کرد، بەڵام لەنێو یاریگادا ئامادەبووانی یارییەکە تووشی سەرسوڕمان هاتن لەبەر ئەوەی لە بری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق یانەی شەبابی شاری بەغدا هاتنە نێو یاریگاو یارییەکەیان ئەنجامدا، جا ئامادەبووانی یارییەکە نەیانزانی ئەمە تەنها هەڵەی راگەیاندنی یانە بوو یاخود مەبەستێکی دیکە لەم نووسراوە بەدی دەکرا؟!!

**فۆتۆ: مەحمود هەولێری**

## ریزبەندو بەرنامەی یارییەکانی داهاتووی سەرجەم گروپەکانی پاڵاوتنی تۆپی پێی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا 2004

**گروپی سێیەم:** چیک و هۆڵەندا لەململانێکی بەهێزدان بۆ بڕینی پلیتی ئەم گروپە، هۆڵەندا دوو یاری لەیاریگای خۆی و گرنگترین یاریشی بەرامبەر چیک لەدەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجام دەدات بەڵام چیک بەپێچەوانەوەیە، نەمساش ئومێدی زۆر لاوازەو مۆلداڤیاو بیلاروسیا بەتەواوی لەململانێیەکان دەرچوون.

**گروپی چوارەم:** تەنها هەڵبژاردەی سانمارینۆ نەبێت هەڵبژاردەکانی دیکە لەململانێیەکی بەهێزدان لەگەڵ بوونی دەرفەتێکی زیاتر بۆ هەڵبژاردەی سوید.





**ئامادەکردنی: وریا محەمەد**

### گروپی سێیەم

| ر | هەڵبژاردە | ی | بر | ب | دۆ | ه | ل.کراوە | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چیک | ٥ | ٤ | ١ | – | ١٤ | ١ | ١٣ |
| ٢ | هۆڵەندا | ٥ | ٤ | ١ | – | ١١ | ٢ | ١٣ |
| ٣ | نەمسا | ٦ | ٣ | – | ٣ | ٩ | ٨ | ٩ |
| ٤ | مۆلداڤیا | ٦ | ١ | – | ٥ | ٣ | ١٣ | ٣ |
| ٥ | بیلا روسیا | ٦ | ١ | – | ٥ | ٢ | ١٥ | ٣ |

**بەرنامەی یارییەکانی قۆناغی داهاتوو**

٢٠٠٣/٩/٦ (هۆڵەندا× نەمسا) (بیلاروسیا × چیک)

٢٠٠٣/٩/١٠ (چیک × هۆڵەندا) (مۆلداڤیا × بیلاروسیا)

٢٠٠٣/١٠/١١ (نەمسا × چیک) (هۆڵەندا × مۆلداڤیا)

### گروپی چوارەم

| ر | هەڵبژاردە | ی | بر | ب | دۆ | ه | ل.کراوە | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سوید | ٥ | ٣ | ٢ | – | ١٢ | ٢ | ١١ |
| ٢ | هەنگاریا | ٦ | ٣ | ٢ | ١ | ١٣ | ٤ | ١١ |
| ٣ | لاتڤیا | ٥ | ٣ | ١ | ١ | ٦ | ٣ | ١٠ |
| ٤ | پۆڵەندا | ٥ | ٢ | ١ | ٢ | ٦ | ٤ | ٧ |
| ٥ | سانمارینۆ | ٧ | – | – | ٧ | – | ٢٤ | – |

**بەرنامەی یارییەکانی قۆناغی داهاتوو**

٢٠٠٣/٩/٦ (لاتڤیا × پۆڵەندا) (سوید × سانمارینۆ)

٢٠٠٣/٩/١٠ (پۆڵەندا × سوید) (لاتڤیا × هەنگاریا)

٢٠٠٣/١٠/١١ (سوید × لاتڤیا) (هەنگاریا × پۆڵەندا)


وەرزش

هەفتەنامەیەکی وەرزشییە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز

مەحمود محەمەد

سەرنووسەر

ئەحمەد ئیسماعیل

Ministry oF Culture

Sports Newspaper

E- Mail: Warzsh@yahoo.com

2271336/113-131

فەرزو جێبەجێکردنی هونەری و چاپ

بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر